www.kurdistannet.org
14-12-2006 6:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# راپۆرتەکەی "بیکەر- هامیلتۆن"لۆزانی دووەمە بۆ کورد ... مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

کۆمیسیۆنەکەی ئەمریکا کەبیکەر و هامیلتۆن سەرپەرشتیان دەکردو ئەرکدارکرابوون بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئێراق و شیکردنەوەی ئاڵۆزییەکان و ئەو کێشانەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوەو بوونەتە جێگەی نیگەرانی و ململانێی خوێناوی و دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆیان، لە 2006/12/6 دا راپۆرتەکەی خۆیان وەکو پرۆژەیەك پێشکەشی (جۆرج بۆش) ی سەرۆکی ئەمریکاو رای گشتی کرد. ئەم راپۆرتە کاردانەوەی جۆراوجۆری دروستکرد لەسەر ئاستی جیهان، هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوین، ئێراق و کوردستان. ئەو کاردانەوانەش دەگەرێتەوە بۆ گرنگی ئەو بابەتانەی کە راپۆرتەکە لەخۆوەی گرتووە لەلایەك و کاریگەریی ئەو راپۆرتە لەسەر ئایندەی هێزەکان و هاوکێشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناویندا و چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. هەر بۆیە هەر هێزو پێکهاتەیەك لەروانگەی خۆیەوە سەیری راپۆرتەکە دەکات و هەڵوێستی خۆی نیشان دەدات. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە گەلی کورد و پێگەی کوردو کێشە دیموکراتیەکانە لەراپۆرتەکەدا.

لەراپۆرتەکەدا باس لەوە دەکرێت کە فیدراڵی ئێراق رووبەرووی ئاژاوە دەکاتەوە، بۆئەوەی ئاژاوە دروست نەبێت و کۆتایی بەو ناجێگیرییەی هەیە بهێنرێت پێویستە پێداچونەوە بەسیستەمی فیدراڵیدا بکرێتەوە. بە واتایەکی تر ئەمە ئێراق بەرەو ئێراقێکی ناوەندی دەباتەوە. هەروەها باس لەوە کراوە کە کێشەی کەرکوك رەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیەو جێبەجێکردنی ماددەی (140) کێشەی زۆری لێدەکەوێتە، هەر بۆیە داواکراوە کە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دوابخرێت. ئاشکرایە ئەم خاڵانەو ئەو لۆژیکەی کە ئەم راپۆرتەی پێ ئامادەکراوە نە لەگەڵ بانگەشەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا یەکدەگرێتەوە کە دەیانگوت دیموکراسیەت بڵاودەکەینەوە لە جیهاندا و ئەم بانگەشەشیان کردبووە یەکێك لەو بیانوانەی کە بەهۆیەوە لە رژێمی بەعسیان داو رووخاندیان. لەهەمانکاتدا ئەم راپۆرتە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ داخوازیەکانی گەلی کوردستاندا یەکناگرێتەوەو بەئاشکرا کورد پەراوێزدەکرێت.

گەلی کوردی تێکۆشەر...

پەسندکردنی ئەم راپۆرتە لەلایەنی ئیدارەی ئەمریکاوەو جێبەجێکردنی دەتوانین بڵێین دووبارە سەپاندنی پەیمانی لۆزانە بەسەر گەلی کوردو هەرێمەکەدا، بەواتایەکی تر داسەپاندنی سیاسەتی نکۆڵیکردن و سرینەوەی گەلی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی شتێکی نوێیان بۆ گەلی کورد و هەرێمەکە پێ نەبووەو ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە بەرژەوەندییەکانیانە. ئەم خاڵەش ئێمە لە رابردوودا زۆر پێمان لەسەر داگرتووە، بەڵام بەداخەوە کە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت هەردوو پارتی دەسەڵاتدار زۆر ئەم لایەنەیان بەهەند وەرنەدەگرت و پێیان وابوو کە ئەمریکا لەبەر کورد هاتووە رژێمی بەعسی رووخاندووە. هەربۆیە پێویستە سەرجەم گەلی کورد و دیموکراتخوازانی هەرێمەکە پرۆژەیەکی بەمشێوەیە پەسند نەکەن کە تەنیا بە پێی داخوازییەکانی تورکیا، سوریا، سعودییە، ئوردون و چەند وڵات و هێزێکی هەرێمی و ئێراقی دارێژراوە.

گەلی کوردی تێکۆشەر...

ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەم پرۆژەیە پەسند ناکەین و پشتیوانی لە لێدوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو دام و دەزگاو کەسێتیانە دەکەین کە ئەم پرۆژەیە پەسندناکەن. لە هەمانکاتدا داوا لە ئیدارەی ئەمریکی دەکەین کە ئەم پرۆژەیە پەسندنەکات، ئێمە بێگومانین کە ئەم پرۆژەیە ئاژاوەی زیاتر لە ئێراق و هەرێمەکەدا دروست دەکات و نابێتە هۆی ئارامی.

لەبەر ئەوە پەسندنەکردنی ئەم پرۆژەیەو کارکردن بۆ ڕێگا چارەیەکی گونجاو کە بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی گەلان و دیموکراتیەت بەبنەما بگرێت، دەتوانرێت ئارامی سەقامگیربکرێت. لە هەمانکاتدا ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ڕەچاوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوەو ئیتر با هەموو چارەنووسی خۆمان نەخەینە دەستی ئەمریکا و خاوەن هەڵوێستی جدی بین لە بەرامبەریاندا. پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان ئاگادار بکەینەوە لەوەی کە ئەگەر کورد لەهاوکێشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناویندا جێگەی نەبێت، ئەوا ڕێگە نادەین ئەو هاوکێشەیە دروست ببێت. بۆ ئەمەش پێویست بە هەڵوێستێکی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد دەکات. ئەوەتا هێزە هەرێمی و جیهانیەکان لەلایەك لە ڕێگەی راپۆرتی "بیکەر- هامیلتۆن"لە باشووری کوردستان کورد پەراوێز دەکەن و لەلایەکی ترەوە هەرچەندە خۆیان داوایان لە کۆما کۆمەڵانی کوردستان کرد کە ئاگربەست رابگەیەنێت بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە رێگەی دیالۆك چارەسەر بکرێت، کەچی دوای دوومانگ زیاتر هیچ وەڵامێکی پۆزەتیڤی ئەم ئاگربەستەشیان نەدایەوە، بێگومان ئەمەش بۆخۆی هەوڵدانە بۆ بێکاریگەرکردنی کورد لە باکووری کوردستاندا. لە بەرامبەر ئەمەدا سازدانی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی کە بتوانێت ئیرادەی یەکگرتووی گەلی کورد نیشانی ئەو هێزانە بدات و ناچاریان بکات کە ئیرادەی پەسندبکەن پێویستە. هەروەها بە چالاکی دیموکراتی لە هەر جێگەیەکی جیهان ئەو هەڵوێستانە شەرمەزار بکرێت کە کورد پەراوێز دەکات.

مەکتەبی سیاسی
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
2006/12/11